جانتاکانیان خستە ناو پاشکۆی تەکسیەکە و بازیان دایە ناوی. هەرچەندە ئەوە هەژدە ساڵە باری خۆی تێکناێ و لە فەڕەنسا گیرساوەتەوە، کەچی ئەوە یەکەمین جارە دەگەڕێتەوە کوردستان. خۆ ئەو جارەش دایناببوو بگەڕێتەوە، ئاگڕ نەخۆشییەکەی دایکی نەبووایە. هەموو جارێک کە دایکی لێی دەپرسی: (ئەڕێ کەی بە نایەیتەوە؟ من و باوکت لەو ژیانەی تەنها تەمان هەیە)، ئاسەش دەکۆتە بیانوو هێنانەوە، یان دەیگوت کاری هەیە، یان لێنی کۆی خوێندنی هەیە و ناتوانێت قوتابخانە بڕێ بهێڵێت، یان هەر بیانوویەکی تری لەم بابەتەی دەهێناوە.
وەک بڵێی بیەوێت شتێک بە کۆتەکەی بسەلمێنێت، کە دەگەیشتە هەر چوارڕیانێک، هەر باڵەخانەیەک، هەر قوتابخانەیەک، هەر دوکانێک کە دەیناسییەوە، ئاوڕێکی پشتەوەی دەدایەوە، و بە فەڕەنسییە شکاوەکەیەوە بە لێنی باس دەکرد. (ئەو باڵەخانەیە کاتی خۆی بنکەی

لاوان بوو، من و جوانەمەرگ زۆر جاران بە شانۆگەریی دەچووینە ئەو)، (ئەو چوارینانە پشتر زۆر بچووکتر بوو، ئێستا فراوانیان کردووە)، (ئەو باخچەیەی دەبینی؟ چەند جارێک لەوە تێپەڕینم کردووە). لێنیش بە ئەوەی هەدفەنەکەی لە سەری بکاتەوە، سەری خۆی دەلەقاند، و جارجارەش (ئم)ەکی دەکرد.
لە پێش نەخۆشخانەی (هیوا بە چارەسەریی شێرپەنجە) وەستان، و جانتایەکانیان هێنایە خوارەوە. بەرەو ژووری ژمارە حەوت کەوتنە ڕێ. بەڕاژنەکەی لە داهاتنەکەدا بینی کە لە پێش ژوورەکەی دایکی دانیشتبوو. لەدوای جوانەمەرگ و باوکی، براژنەکەی تاکە چاودێری ئەو دایکە بەستەزمانەی بوو. لە براژنەکەی زانیی کە پزیشکەکان لەو باوەڕە دان کە هەر چەند ڕۆژێک و مەرگ دەبەستە مەوانی دایکی. ئەوە چەند ساڵێکە، نیازی ئەوەی هەبووە کە هاوینی دابەت سەردانی دایکی بکات، بەڵام هەر ساڵە و ڕێگرێکی هاتووەتە پێش. ئەوە ساڵە، کاردێی ئامەزای ژنی دەهێنا. ساڵێکی پێش ئێویش، ئاووهەوا گەلێک خۆش بوو، دێی نەدەهات ئەوە بە کوردستان بڵێت بهەڵێت.
دایکی کە چاوی بە ئاسۆ و لێنی کۆی کەوت، زەردەخەنەیەکی کەوتە سەر لێوانی، بانگی کردن بە لای خۆی. ئاسۆ دەستی ماچ کرد، و لێنی کۆی پێ ناساند. دایکی داوای لە لێن کرد تاوێکوو بێت لە تەنیشتی دابنیشێت. ئاسۆ بەشەرمەکەوە پێی گوت: (ببوورە دایە گیان، بەڵام لێن کوردی نازانێت). دایکی بە سەرسوڕمانەکەوە سەیری ئاسۆی کرد، ئاهەکی هەڵکێشا. دواتر، بە دەستەکانی ئاماژەی بە لێن دا، تاوێکوو بێتە لای، لەسەر سەرینەکە دابنیشێت. لێن هاتە لای، و چاوکانی خستە سەر چاوکانی داپیرەی. بە ماوەیەکی درێژ بەو شێوەیە مانەوە، و هیچیان هیچ شتەکیان نەگوت کە ئەوەی تر تێی بگات.

ئامانج شەروانی

لە یادی 45 ـەمین ساڵڕۆژی

بوونی دەوڵەتی ئێران بە کۆماری ئیسلامی ئێران.. ئاوات ئەسعەدی

پاش هەڵاتنی شای ئێران بە ماوەیەک و، لە 30 و 31 ئازاری ساڵی 1979، ئایەتوڵڵا خومەینی و دەسەڵاتدارانی تازەی ئێران ڕیفراندومەکیان بە شێوەی حوکمڕانی وەاتەکە ئەنجامدا. مەبەست لەم هەنگاوەیان ئەوەبوو، ئەو سیستەمە تازەیەی پاش روخانی شا دایانمەزراندبوو بە ناوی "دەوڵەتی کاتیی شۆڕشی ئیسلامی"، بەو ڕیفراندومە شەرعیەتی بە مسۆگەر بکەن.

کاغەزەکانی دەنگدان دوان بوون: یەکەکیان ڕەنگەکەی سەوزبوو بە "بەڵێ"، ئەوی تریان زەرد بوو بە "نەخێر". لە هەردووکیشیان نوسرابوو بە "گەڵینی ڕژێمی ڕابوردوو بە کۆماری ئیسلامی". ئاکامی ئەم دەنگدانە "ڕوون بوو". بە پێی هەواڵە ڕەسمیەکان ڕێژەی دەنگدەران بە "بەڵێ" پتر لە 98٪ بوو. ڕێژەی دەنگدەرانی "نە"یش زەر لە خوار لە 1٪ ەوە بوو. تەکەا 20.147.855 کەس دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، بەرامبەر بە تەنیا 140.996 دژدەنگ.

دەنگدانەکە "نهێنی" نەبوو، کە ئەمەش کێشەکەیەکەی پرسەی دەنگدانی ئازادە. لایەنگرانی ئایەتوڵڵا خومەینی، کە پتر لە هەر لایەنکی دیکە خاوەنی دەسەڵات بوون، ئیانزانی، کە بە "بەڵێ" و کە بە "نە" دەنگ ئەدات.

بەهەرحاڵ، لەو ڕۆژگارەدا، کە گەلانی ئێران مەستی روخانی دیکتاتۆریەتی محەمەد ڕەزا شا بوون، وایاندەزانی، دەگەنە سیستەمکی سیاسی ئیسلامی نوێ، کە "بەختەوەری"ان بە بەنێت. جا لەبەر ئەوەی زەرینەی خەڵکەکە موسڵمانبون و موسڵمانن، ئەبوو ئەم چەمکی ئیسلامیە زەر پەسەند بووبێت لایان.

ئەمجا ئەگەر وشەی "کۆمار" ی چەمکەکی باش بووبێت لە ئاستی ڕژێمی دیکتاتۆریەتی شادا، ئەوا وا پێئەچێت، کە ئەو دەمە بیر لە ئاکامە درۆخایەنەکانی چەمکی "ئیسلامی" نەکرابێتەوە. تەنانەت لە یادی سیەمین ساڕۆژی ئەو ریفراندومەدا، ئەبولحەسەن بەنی سەدر، کە یەکەم سەرۆک کۆماری ئێران بوو و، هاوکارێکی نزیکی خومەینی بوو لە پاریس و، کاری وەرگێڕانی لێکاتی گفتوگۆکان لەگەڵ میدیاکاندا بە ئەکرد، بە BBC ی ووت، کە تا ڕۆژی ڕیفراندومەکەش هیچ کەسێک بچوکترین بیرۆکەی نەبوو، لەوەی، کە خومەینی مەبەستی لەو دەستەواژەی "کۆماری ئیسلامی" چی بووە.

ئەگەر وابێت، ئەوا زەرینەی گەلانی ئێران لەوە تێ نەئەگەیشتن، کە

دەسەڵاتی ئیسلامی ڕەبازەکی سەرتاپای سیاسەتی دیکتاتۆریەت و زۆرتکردنی بەکی زۆری شۆڕ ئازادیکانی مرۆڤ لە خۆ ئگرێت.
بگومان زۆر دەمکە ئو بختوریەی گەلانی ئێران چاوڕوانی بوون، بتواوی لە گەنراوە.
بە نموونە: لە رووی ئابووریەوە پارەی ئو واتە لە هەفتاکانی سەدەی رابوردوو زۆر بە نرخ بوو. هەر دۆلارەکی ئەمریکی بایی 70 ریالی ئێرانی بوو. ئەمە هەر دۆلارەکی ئەمریکی بەرامبەر 42.047,50 ریالی ئێرانیە. ئەم داشکانەی پارەی ئێرانی لەویە گورترین شکستی پارە بێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.
گورترین گورزیش لە ئازادیە سەرتاپیەکانی ژنان و کچان درا، کاتێ کە لە ماویەکی زۆر کەمدا، مافی راستقینەی "مرۆڤبوون"یان لە سێنرایەوە. بە پێی قانونی ئیسلامی دەنگی شایەتیدانی ئافرەتی ئو واتە لە دادگاکاندا، کرا بە نیو دەنگ. لەمەش بترازێت بە زۆر و بە توندو تیژی "حجابی ئیسلامی" کرایە قانون بەسەریاندا.
بەکی ئافرەتانی ئێران لەسەرتاوە کوتنە خەیان و ژانە سەر شەقامەکان لەگەڵ ئازادیخوازوهاوبیرەکانیان، بە گەنەوەی ئازادیە سەرتاپیەکانیان، کە لە قانوونی ئیسلامیدا لەوانگەی ئوانەوە پشێلکرابوو. بەڵام کار لەکار ترازابوو و، ولایەتی فەقێ هی ئوە نەبوو، گوێ بە داواکانی "نیومرۆڤەکان" شل بکات. نەک ئەمەش، بەکو کوتە وڵزیان بە بکارهێنانی تونددوتیژی بە سەرکوتکردنی داواکانیان.
ئوەی شۆنی سەرنجە، کە خۆپیشاندانەکانی پەراری گەلانی ئێران دژی سیستەمی ولایەتی فەقێ، پاش کوشتنی ژینا مەهسا ئەمینی لە 16 ی ئەیلوولی 2022، نەک هەر سەرکوتکرا، بەکو لەلایەن گەلانی دیکەی ناوچەکوە بە هیچ شێوەیەک ئاوەی لە نەدرایەوە و پشتیوانی لە نەکرا. هەکاری ئەم فەرامەش کردنە راستیەکی تفت و تاڵە: هەشتا زەرینەی گەلانی موسەمانی ناوچەکە، نە لە مەترسی کەماری ئیسلامی حاڵی بوونە، نە لەوە تگەیشتونە، کە ئو سیستەمە ئیسلامیەی ئێران، کە واپە ئچێت بەشەکی زۆری گەلانی موسەمان خونی پوە بینین، زەرینەی گەلانی ئێران 45 ساڵە بە دەستیوە ئناڵێنن.
راستە، کە بە پێی ویستی زەرینەی خەڵک دەکرێت و دەتوانرێت کەمارەکی ئیسلامی لە هەر واتەکا، کە زەرینەی موسەمان بێت، ابگەیەندرێت. بەڵام مەحاڵە "دیموکراسیەتی ئیسلامی" مەبەستی دابینکردنی مافی گشتی مرۆڤ بێت. هەر بەیەش مەحاڵە ئو شێوە سیستەمە سوودمەند بێت بە تەکەای ئەندامانی کەمەگا.
لەهەمان کاتدا ئەم پرسیارەش دێتە پێشوە: ئایا ئەبێت هەمیشەو بە تاهەتایی ئەنجامی دەنگدانەکی نەوەکانی پێشوو لە پرسیەکی سیاسیدا

بەسەر نەوە تازەکانیشدا و بە بەکارهێنانی توندو تیژی بسەپێندرێت؟ ولایەتی فەقێ زەر دەمکێ وەڵامی ئەم پرسیارەی بە "بەڵێ" داوەتەوە.

ئاوات ئەسعەدی

---

(٨)ی مارسی ٢٠٢٤، چالێنجکان و ئاسۆکانی خەباتی ژنگاریخوازی ژنان لە ناوچەکەدا.. شیرین عەبدوڵا

سیستەمی سەرمایەداری لە ئەستادا بە یەکێک لە گەورەترین و قووڵترین قەیرانە مێژوویەکانیدا تێدەپەڕێت. پێدەچێت لە ئەستادا یەکێک لە سەنتەرەکانی ئەم قەیرانە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا چەبوبێتەوە و ژنان زەرترین پشکی لێکەوتەکانی ئەم قەیرانە لە ئەستێ دەگرن.
ئەم شاهیدی یەکێک لە وەحشیترین کەمپەینکوژییەکانی مێژووین، کە هێز لە دوای هێز لەبەردەم چاو و گوێی مرۆڤایەتیدا دەگوزەرێت، کە بریتیە لە پێنج مانگ شەڕی جینۆسایدی غەززە. تاوانی ترسناک و دڕندەیی و دەستدرێژی بەکۆمەڵ لە سودان هاوەدات بە پەردەپۆشی تەواوەتی میدیاکان. هەروەها ناتوانین چاوپۆشی بکەین لەوەی کە لە ناوچە ناکۆکەکانی دەوروبەر لە زەرەک لە وەاتانی ناوچەکەدا هاوەدەن.
پەویستمان بە تەوانینکی زەر ورد نیە بە ئاوەی بزانین کە شەڕ و برسێتی و پەتا و لافاو و پیسبوونی ژینگە بوونەتە بەشێک لە دیاردەکانی ژیانی ئاسایی زەرینەی هێزەکان، ئەمانە هەمووی نیشانەکانی ئەم قەیرانە خنکێنەرن لە ژێر سایەی سەرمایەداری و میلیتاریزمەکەی و سیاسەتە ئابووریە نیولیبراڵییەکانی کە هیچ چارەسەرێک پێشکەش ناکەن جگە لە سەپاندنی هەژاری زیاتر، نایەکسانی، بێکاری، و تێچووی زەری ژیان و لەناوبردنی ژینگە بە دەستبەرکردنی قازانجەکانی. ئەم دیمەن و باکگراوندی (٨)ی مارس

(ئازار)ی ئەمسا.
ئەمانە، لەگەڵ زاڵبوونی دەسەڵاتە ئیستبدادی و سەرکوتگەر و پیاوسالارە دژ بە ژنانەکان لە زەربەی وەاتانی ناوچەکەدا.
سەرمایەداری بارگرانی قەیرانەکانی دەخاتە سەر شانی ژنان و پەنابەران و باقی گروپە پەراوێزخراوەکانی کەمەگا، کە دەستیان لە دروستکردنی ئەم قەیرانانەدا نییە، بە ئیستغلالکردنیان وەک سوپای یەدەک (احتیاط) و سەرچاوەی کاری هەرزان و سەخت و ناجێگیر هەر کاتێک کە بازاڕ پێویستی پێیان بێت، و پاشان دەرکردنیان لە کار لە کاتی قەیرانەکاندا و هەرکاتێک پێویستی بازاڕ کەتایی هات.
لە کاتی قەیرانەکانی سەرمایەداریدا، چینی دەسەڵاتدار و نوێنەرانی دەرفەتەکە دەقۆزنەوە بە لەسەندنەوەی ئەو دەستکەوت و مافانەی کە تووڕە چەوساوەکان، لە ڕێگەی خەباتی سەخت و خوێناوی خەیانەوە بە درێژایی دەیان ساڵ بەدەستیان هێناوە، بە بیانووی "بەرژەوەندی ووڵات"، "ئاسایشی نەتەوەیی" و "دوژمنی دەرەکی" هتد.. بە کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی، گواستنەوە و نیشتەجێبوون، بەیە بێکاری زیاد دەکات، بە ژنان ئەستەم دەبێت بتوانن کەبەکە لەسەر ئەو کارە کەمانە بکەن کە لە بازاڕی کاردا بەردەستن، و ناچارن ڕازی بن بە بارودۆخی کارکردن و کرێی نزمتر، یان بێتواوی بازاڕی کار بۆجێبهێڵن و لە ماڵەوە بمێنێتەوە بە بەخێوکردنی منداڵ و بەساڵاچووان و خاوەن پەداویستیەکانی ناو خێزان کە بەهۆی بینی خزمەتگوزارییەکانەوە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ خراون.
قەیرانەکان زۆر لەسەر دۆخی تەندروستی (جەستەیی و دەروونی) ژنانەدا ڕەنگدەداتەوە، بەو پێیەی پیاوانی خێزان لە کەمەگای پیاوسالاریدا ئەرکی سەرەکی هەیە لەسەردانی پزیشک و تێچووی چارەسەرکردن و خەراک و پەروەردە… هتد وە گەورەترین پشکیان لە داهاتی کەمی خێزانەکە بەردەکەوێت. زۆرجار لەکەینەوە دۆخونینەوە و دەبیستین کە ئاماژە بەوە دەکەن کە ژنان بە ڕێژەیەکی زیاتر لە پیاوان تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن، بەڵام زۆرینەی ئەم توێژینەوانە ڕەچاوی ئەو کەمەگا پیاوسالارە پشتگوێ دۆخەن کە تێیدا ئەم بارودۆخانە لەنێو ئەو ژنانەدا سەرهەڵدەدەن کە جگە لە هەژاری و پەراوێزخستن، بەدەست هێناوردن و توندوتیژی سێکسی و خێزانیەوە دەناڵێنن. سەرەڕای گرنگی دەستنیشانکردنی دەروونی لە حاڵەتە تاکەکاندا، پێویستە فراوانتر بیر بکەینەوە و ئەو سیستەمە ستەمکارییانە هەبوونیان هەیە کە هەموومان نەخۆش دەخەن.
بیرکەی بکەیلکردنی ژنان لە داهێنانی سەرمایەداری نەبووە، ئەو شکستە مێژووییەی ژن کە ئەنگڵس باسی دەکات، زۆر پێش سەرمایەداری

ڕووبەڕووبوونەوە و دیاردەیەکی خۆبەخۆ بووە لە ئەنجامی دابەشکردنی خۆبەخۆیی کار و خاوەندارێتی ئامرازەکانی بژێوی لە خزاندا، بەڵام سەرمایەداری داهێنەریی لە بەرهەمهێنانەوەی و شارستانیبوون لە بەکاکردنی ژندا بووە، بە خستنەگەڕی ماشێنکی میدیایی و سیستەمکی فیکری و کەڵتووری کەنیسەپەرست و پیاوسالارەوە، وەک یاساکانی هاوسەرگیری، تەڵاق، صیغە، میرات، لەباربردنی منداڵ.. سەرمایەداری هەموو لایەنەکانی ژیان دەقزێتەوە بە دەزینەوەی بازاڕێک بە کاکانی و بەدەستهێنانی قازانج، تەنانەت هونەر و ئەدەب و هەستی مرۆڤی وەک ڕۆژی دایک و ڤالانتاین و ئارەزووی منداڵبوون و زەرشتی تر، هەمووبان لە ناوەڕۆکی ئینسانی خۆیان بۆتە دەکرێنەوە و دەکرێن بە کاڵا و بەکاردێن بە پێکردنەوەی حسابی بانکی سەرمایەدارەکان.
هەموو ئەم دیاردانە لەم ساڵانەدا لە وڵاتانی ناوچەکەدا بەخێرایی تەشەنە دەکەن، وەک دەبینین بوژانەوەی کەرتی تایبەت و سەدان قوتابخانە و نەخۆشخانەی ئەهلی کە زەربەی زەری خێک دەرەقەتی تێچووکانی نایەت، لەسەر حیسابی بینی بودجەی کەرتی گشتی و تێکچوونی خزمەتگوزارییەکان تیایاندا، و سەدان کلینیکی جوانکاری و ێکلام بە "بەرهەمکانیان" و هاندانی ژنانی گەنج (هەروەها کوانیش) بۆ تێکدانی جەستەیان و نەشتەرگەری جەراوجەر. هەموو بۆنە و جەژنە باوەکان دەبنە فشارێکی ئابووری گەورە لەسەر ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێش کە لە ژێر فشاری کەمپانیاکانی ێکلام و میدیادا ناچارن بڕشکی بەرچاو لەو داهاتیان کە لە بنەڕەتدا کەمیشە، بۆ دیاری بۆ ئازیزانیان خەرج بکەن، و دەرگیری بارێکی قورستر دەبن لەوەی کە لە توانایاندابێت. گەورەترین سوودمەندی سەرمایەداران و بانکە نەودەوڵەتییەکانە.
لە هەمان کاتدا کە بارودۆخی تۆڕە چەوساوەکان، و لە سەروشیانەوە ژنان، بەرەو خراپتر دەچێت، سامانی سەرمایەدارەکان زیاتر دەبێت و سەروەت و سامان زیاتر و زیاتر لە دەستی گروپێکی بچووکدا دەمێنێتەوە کە سود لە دۆخە قێرانەکان و نەهامەتی ملیۆنان کەس دەبینن لە پێناو قازانج لە هەگەی بازرگانی چەک و دەرمان و کەرەستەی پزیشکی و خۆراک و باقی پێداویستیەکانی کەمەگا، بە پشتیوانی تەواوی دەوڵەتان و ژەمە بەرژوازییە دەسەڵاتدارەکان.
سەرمایەداری لە هەر شوێنک بێت، دەرفەتک دەدزێتەوە بە چنینەوەی قازانجی زیاتر بە هەر شێوەیک بێت، وە گرنگی بەوە نادات ملیۆنەها کەس تووشی داهاتوویکی نادیار ببێت، لەپێناو ڕزگارکردنی بانک و ملیاردەرەکان.
ئەوەش زانراوە کە سیستەمی سەرمایەداری هەموو قێرانەکانی

دەقەزتەوە بە داسپاندنی پاشکۆیی ماددی و مەعنەوی بەسەر زەربەی جەماوەردا و هەرچەند قەیرانەکە تووندتر بێت، هەرشی کۆنەپەرستانە بەهێزتر و تووندتر دەبێت، پشکی ژنانیش زیاتر دەبێت.
ئەوەی ژنان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە پیاو سالار و ئیستبدادیەکانی وڵاتانی ناوچەکە پێش ئێم شۆڕ و ململانێیانە دەیان نائەندە بەدەستیەوە، ئێستا چەندین جار زیادی کردووە. ئەوەی بەسەر ژنانی غەززە و سوداندا دێت، تاوانێ و قابیلی بەدەنگی نییە، بەڵام ئەوەی لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بەتایبەت لە دوای شکستی شۆڕشگێڕانی سالی (٢٠١١) لە میسر و تونس، زەنگی مەترسی پاشکۆیەکی کەمایەتی و سیاسی دەدەن، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئێم قەیرانە و ئێم هەرشە دوژمنکارانەیە، توانای شۆڕشگێڕانە و نیشانەکانی بەرەنگاربوونەوەی ژنانی ئازادیخواز و تەحەدای ئێم هەلومەرجە نەهامەتبارە لە گۆشەکردندایە.
کەمپەینەکانی حیجابکردنی کچانی گەنج لە بەناو "فەستیڤاڵی تاجی زێڕین"ی سائانە و لەم بابەتە، کە بە تووندی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سیاسی ناوچەکەوە پشتیوانی مالی (تەمویل) دەکرێن، شتێک نییە جگە لە دیاردەکانی ئێم هەرشە لە دژی ژنان بە ئامانجی مسۆگەرکردنی تەسلیمی فیکری و جەستەیی نەوەکانی داهاتوو و ئامادەکردنیان بۆ قبوڵکردنی هەژموونی پیاو و ئایدۆلۆژیای دژە ژن و بەم شێوەیە بەکۆیلە کردنیان.
ئازارەکانی ژنانی ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی نیزامە پیاوسالارییە کۆنەپەرستەکاندا، و باڵادەستی و زیندووکردنەوەی یاسا و نەریتە پاتریارکی و خێڵەکیەکان، ئەو زەمینانەن کە تاوانەکانی کوشتن و تووندوتیژی و بازرگانیکردن و هاوسەرگیریی منداڵان و فرۆشتن و بەبەشکردن لە مافەکانی جیابوونەوە، میرات و چاودێری منداڵ.. هتد ئەنجام دەدرێن.
لە ناوچەرگەی ئێم سیناریۆیە و دیمەنە تاریکەدا و سەرەڕای هەرشی تووندی سەرمایەداری و سیستمە کۆنەپەرستەکانی بە سەر ژنان و چینی کرێکار، ناتوانین دەرکەوتەکانی هێز و بەدەنگ نەبوون لە بەرامبەر هەموو ئەوەی کە کۆنەپەرست و سەدەی ناوەڕاستییە پشتگوێ بخەین، و هەستێکی گۆشەگیری بە بەرەوپێشچوونی نیشانەکانی بزووتنەوەیەکی یاخیبوونی ژنانی فراوان لە ئاسدایە، بە تایبەت لە نێو ژنانی گەنجدا.
چەپێنج (تەحەدا) و هاوپشتی نەبوونی و ناڕەزایەتی و ئاپەینەکان لە زەرەک لە وڵاتانی جیهان هوو لە زیادبوون، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان لە دیدی ئابردووداببوژانەوەیەکی بەخێوە بینی، لە هێگەی بزووتنەوەکانی وەک (می

تووـ منیش) (۲۰۱۷) کە تیشکی خستە سەر پرسی هەراسانکردن و زیادبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بە دژکۆتەکانی ئازاردانی سێکسی و پشێلکاری لەلایەن خاوەن دەسەڵات و سەلمێندرا لە دوای ئەوە ناکرێت ئەم کردەوانە وەک "ناچار" قبوڵ بکرێن، ململانێکان بە مافی زاوزێ و لەباربردنی منداڵ لە زۆر وڵاتانی جیهان بەردەوامە.
هەروەها وەک ئاشکرایە، کوشتنی (ژینا /مەهسا ئەمینی) لەسەر دەستی پۆلیسی ئەخلاق لە ئێران لە ئەیلوولی (۲۰۲۲ دا) بووە هۆی ئەو ڕاپەڕینە بەرفراوانەی کە زۆربەی شار شارچکەکانی ئێرانی گرتەوە، و بە هاوپشتیەکی نێونەتەوایەتی فراوانەوە. ئەم ڕاپەڕینەی کە بە دژی ستەم لە سەر ژنان و حیجابی زۆرەملێ سەری هەڵدا، بە خۆرایی بووە ڕاپەڕینێکی سیاسی و جەماوەری بە دژی هەژاری و بێکاری و سەرکوتی سیاسی و فەرهەنگی سیستەمی سەرمایەداری و ژێمە سیاسیە ئیسلامیەکەی لە ئێراندا.
ئەم بزووتنەوانە لە ماوەیەکی کورتدا ڕەهەندی جیهانییان وەرگرت و بە بەوای من گرنگیدان بە هاوپشتی نێونەتەوایەتی لە نێوان ژنان و بە تایبەت ژنانی چینی کرێکار و خەڵکی هەژار، یەکێکە لە بابەتە جەوهەرییەکانی خەباتی ئەمڕۆ لەم قۆناغەدا.
پەتای کۆرۆنا هۆشیارییەکی لەزیاد بووندای دروستکردووە سەبارەت بە نایەکسانی و جۆرە جیاوازیکانی و چۆن نەخۆشی و تەندروستی پلەبەندییەکی کۆمەڵایەتی پێیەو دەکێن: تا باری کۆمەڵایەتی و ئابووری نزمتر بێت، باری تەندروستی و میانگینی (موعەدەلی) تەمەن خراپتر دەبێت.
ڕەنگە بەیەن بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ماف و ئازادییەکانیان زۆر باشترە لە وڵاتانی ناوچەکە وەک عێراق و سوریا و سعودیە و پاکستان و ئێران و ئەوانی تر و ئەمش بەتەواوی ڕاستە، بەڵام ئەو دەستکەوتانەی کە ژنان لەم وڵاتانەدا بەدەستیانهێناوە بەردەوام نین و هەمیشە هەڕەشەی لەسەندنەوەیان لەسەرە، هەر وەک چۆن بینیمنان لە کەیسی (ڕۆ- دژی وایدە) لە ئەمریکا کاتێک دادگای باڵا بڕیاریدا یاسای منداڵ لەباربردنی کە بە ماوەی (۵۰) ساڵ بەکار بوو، لە هاوینی (۲۰۲۲) دا هەڵبوەشێنرێتەوە.
بزووتنەوەی کرێکاری و ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕیەکان بەبێ ڕۆڵگێڕانی کاریگەر و چالاکانەی بزووتنەوەی ژنانی ئازادیخوازی ڕادیکاڵ ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن. ماوەیەکی یەکجار زۆرە ژنان لە کاریگەری چالاکانە لە سیاسەت و بڕیاردان لە جیهانی پیاوسالاری سیاسەتدا دوور خراونەتەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بەڕای کاتی ئەوە هاتووە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێت و ژنان گوتاری (خیطابی) ڕزگاریخوازانەی خۆیان

بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵەزە گەورە شەڕاوێیەی کە لە بزووتنەوەی ژنانداهەیە، ئازاد بکرێت لەپێناو گەیانکاری ڕیشەیی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەموو شەوازە پیاوسالاری و کۆنەپەرستانەیەی چەندین سەدەیەی بەمان ماوەتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەتوانە سەرەتایەک بێت بۆ ڕزگارکردنی هەموو کەمینگە لە هەموو جۆرەکانی ئیستغلال و هەڵاواردن.

٢٠٢٣-٣-٢

شیرین عەبدوڵا

بۆ منداڵان/ ئێپۆرێتی: نەورۆز و مامۆیار.. نووسینی: عەلی حەمەشید

کەمێک منداڵ و مەرمنداڵی کوێ و کچی تەمەن (٧بۆ١٤) ساڵان، جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردییان لەبەردایە، خەیان ئامادە کردووە دەچن بۆ گردی مامۆیار تا بەشداری ئاهەنگی یادی نەورۆز بکەن، کە بەنیەکی خۆشی نەتەوایەتییە. مامۆستا (ژیان)، ئێپۆرێتکی گەرانیی ئامۆزی بۆ ئامادەکردوون و هەمووییان تێیدا بەشدارن. دایکی (لاوین و شکۆ)، یاپراخی گەڵاموی بۆ ئامادەکردبوون، دایکی (ئاریان)، کووبۆ و دایکی (باسۆ)، شفتە و ئەوانی تریش میوە و چەرەساتییان ئامادە کردوە. کەوتنەڕێ بەرەو گردی مامۆیار، کە مامۆستا (ژیان) بەوشەوەیە ئەوانی بینی وتی:
ئەڕە منداڵینە ئەوە چییە؟ دەڵێی دەچن بۆ سێیران؟ بیرتان چووە ئەمە دەچین ئێپۆرێتک پێشکەش بۆ ئامادەبووان دەکەین؟
لاوین: (بەپێکەنینەوە)، مامۆستا گیان ئەی لە ڕۆژکی وا خۆشدا سێیران نەکەین کەی سێیران بکەین؟
شکۆ: ڕاستە نەورۆز و ئەمەش بەشداری ئەو بۆنە خۆشە دەکەین.
مامۆستا: دەی زەر چاکە بابەین، بەڵکو تا نزیکبوونەوەی کاتی ئاهەنگەکە پڕۆڤەیەک بکەین. پێشنگ: مامۆستا گیان، تۆ هەمیشە ویستووتە بۆچالاکیی نوێ و جوان بەشداری یادی نەورۆز بکەین.

ئاریان: ئەمەش حەزدەکەین کە گۆرە بووین کەسکی چالاک و خۆشویستی وەکو تۆ دەربچین. مامۆستا: سوپاستان دەکەم گوڵکانم، دنیا بن مرۆڤ بە هەوڵ و ماندووبوونی خۆی هەر چیەکی بووبێت پێی دەگات.
شکۆ: مامۆستا گیان ئەمە ئەو کاتانە دەخشین کە تۆ دەیت و پرۆژەی چالاکیەکی نوێمان پێ دەکەیت. پێکەوە دەیشتن تا لای سنووبەرکان و چوونە ژێر ئەو کۆپڕکەیەی کە بیان ئامادە کرابوو ، کۆلۆپڵکانیان داناو لەگەڵ مامۆستادا کەوتنە پرۆژەکردن، چونکە هەشتا خۆکەکی زۆر نەگەیشتبوون. بەخۆشیەوە خەڕا پرۆژەکەیان تەواوکرد، مامۆستا زۆری پێخۆشبوو، چونکە زۆر بەجوانی نمایشییان دەکرد. ئێستر دووانیان لەژێر کۆپڕکەکە بەدیار خواردنەکانیانەوە مانەوە و ئەوانیش کاتی نمایشکردنی چالاکیەکەیان هاتبوو. هەندێیان زانی بانگیشان کردن، ئێستر لەگەڵ مامۆستادا چوونە سەر سەکۆی(ستێج) تەختەی شانۆکە، مامۆستا هەر یەکەکیانی لە شوێنی تایبەتی خۆی داناو چەند ڕێنماییەکی کردن. ئێستر لەگەڵ شۆکەوە وەستا و پێیوتن دەست پێبکەن و هەر لەوێشەوە چاودێری دەکردن.
ئاریان: چەند ئاسوودە و دڵخۆشم کە دەبینم هەموان هاتوون بۆ گردی مامۆیار و یادی نەورۆز دەکەنەوە. ئازاد: دنیام کە ڕۆحی پیرەمێردیش ئاسوودە دەبێت کەوا ڕۆژانە لەو شوێنەدا، کە ساڵانی زوو یادی نەورۆزی تێدا کردۆتەوە، ئەوانیش ئاهەنگ سازدەکەن و یادی دەکەنەوە.
باس:
شەوی گەردی مامۆیار...لام خۆشترین شوێنی شارە
باش بزانن کە ئەم جێیە...پیرەمێردی گەورەی لێیە
مرۆڤێک بوو مرد و دەسڕ...بۆ ئاهەنگ و یادی نەورۆز ئاریان:
مامۆیار مامۆیار... لام جوانترین شوێنی شارە
پیرەمێردی ناوداری کورد...ناسراوە لای درشت و ورد وەکو نەریتێک لە مێژ...ئەو ئەم یادی کردۆتەوە (ئەمەژی ساڵی تازەیە)...کەسەرتای ئەو شیعرەیە پیرەمێرد نووسی بۆ نەورۆز...(دیلان)یش بەدەنگی پەسەز
هەندێیتر چەژی پەداوە ...لەسەرزار تاکوردماوە
بەدڵخۆشی دەمەم نەورۆز... لە هەمووڵایەکتان پیرۆز
ئازاد:
مامۆیار مامۆیار...لە نەورۆزدا پرشنگدارە
پیرەمێرد ئەو مرۆڤەیە...ئێستا ڕۆحی ئاسوودەیە
کە دەبینێت ڕۆژانە...وا بەخۆشیی و شادومانی
ئاوا یادی دەکەنەوە...بەشادی و زەردخەنەوە
کۆرس:

لەنەورۆزدا گشت ئاسوودەین... بەشداری ئەو یادە دەکەین تەکە
دەبن هەموو دەنگەک... دەبن بەیەک هەموو ەنگەک وەکو چیا
بەهەز دەبن... دژی زۆردار ئادەوەستن مامۆیار
مامۆیار... لە لای هەموان شکۆدار خۆزگە خۆزگە
مامۆیار... کە جوانترین شونی شارە دەیانکرد بە
سەیرانگای شار... پە چیمەن و گوە و گوزار ئەوسا دەبوو
بەجێی پشوو... هەموو کات ئازاوە دەبوو منداڵیش بە
یاریکردن... بە خۆشیی و کات بەسەر بردن بەی دەهاتن
لەگشت لاوە... یاری بکەن بە خولیاوە خۆزگەی ئەمە ەوون و
دیارە... لە سەیرانگای مامۆیارە هەکی گورە و
ەنگاوەنگ... بە سازدانی کە و ئاهەنگ لە ناویدا بنیات
دەنرا... بە پیرەمرد ناوزەد دەکرا
تا شاعیران و نووسەران... هونەرمەندان، شوکاران ەژانە
سەردانی بکەن... چالاکیی تیا ئەنجام بدەن ئەوسا
ەحی پاک و جوانی... پیرەمەردی سلەمانی لەگردکەی
مامۆیار... ئاسوودە دەبوو بەو کارە بەیە دەەین
مامۆیار... ئەوکاتە زەر جوانتر دیارە لەگشت لایەکی
کوردستان... دەن سەردانی دەکەن هەموان
شکە:
یادی نەورۆز لەرە جیایە... چەژ و خۆشیی زەری تیایە گورە
و بچوک بەیەکەوە... دەن و یادی دەکەنەوە مامۆیارە و
نەورۆز هەر دوو ... بە پیرەمرد بوون بە مژوو جێی شانازیی
سلەمانیین... هەمای خەاگریی و جوانیین خۆزگە بە سالی
داهاتوو... مامۆیارە ئاوا دەبوو
وەکو گوندەکی گشتیاریی ... بە چالاکی و کە و یاری
ناوی پیرەمرد لەو ناوە... زەر بەجوانی دەدروشاوە لەردا
کەتایی بە چالاکییەکە دەت و منداەکان دەیکەن بە چەپڵە ەزان و
مامەستا ژیانش دەت بە لای منداەکان و یەک یەک ماچییان دەکات و
سەرو چە نەرگزەکیشییان پەشکەش دەکات...

نووسینی: عەلی حەمەشید

ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان.. ڕزا شوان

ڕۆژی سێشەممە (٢/ نیسان/٢٠٢٤) یای (٥٧) ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی (ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان)ە. هەموو ساڵێک لە ڕۆژی (٢/ نیسان) دا، بەم بۆنەیەوە، لە سەرانسەری جیهاندا، لە قوتابخانەکان و لە کتێبخانەکانی گشتی و تایبەتییەکان و لە مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکانی منداڵاندا، بە سپۆنسەری دەستەی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کتێب بۆ لاوان (ئیبی) کە بارەگای، لە لەندەن لە بەریتانیایە، بە فەرمی ئاهەنگی شایستە و چالاکییی هەمەجۆری ڕۆشنبیری و هونەری بۆدەبڕێت. ئەم ڕۆژەش وەک ڕێزگرتن و پێزانینێ، بۆ بۆنەی یادی جۆزنی لەدایکبوونی کەنووسەر و شاعیری بەناوبانگی دانیمارکی (هانز کریستیان ئەندەرسەن: ٢/ نیسان/ ١٨٠٥ـ ٤/ ئاب/ ١٨٧٥) کە بە (باوکی چیرۆکە ئەفسانەییەکان لە جیهان) دا، دانراوە. خاوەنی زیاتر لە (١٥٠) کتێبی چیرۆکی فانتازیای چاپکراوە. کە بە ئەو سەردەمە ژمارەیەکی پەوانەیی بوو. لە چیرۆکەکانی: جلوبەرگی تازەی ئیمپراتەر، پەریی بچکۆلەی دەریا، پاوی سوور، کچە شقارتە فرۆشەکە، بچوە مراویەکی ناشیرین، بولبول، تەمالیزا، شاژنی بەفر، دوا خەونی پیرەدار بەووکە، داری سەروو،... هتد.

(گەلالەبمان) ی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەمانی، ئەو پێشنیاری ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵانی کرد. لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کتێب بۆ لاوان، کە ڕێخراوێکی خێبەخشی سوود نەویستە، پێشنیارەکەیان پەسەندکرد. لە ساڵی (١٩٦٧) دا، بەیاریان دا کە ڕۆژی (٢/ نیسان) هەموو ساڵێک، کە هاوڕۆژ و هاومانگە لەگەڵ یادی ڕۆژی لەدایکبوونی هانز کریستان ئەندەرسەن، بکرێت بە ڕۆی جیهانی کتێبی منداڵان لە هەموو جیهاندا. بە یەکەم جاریس ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان لە سویرا سازکرا. لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ، ساڵانە وەاتێک لە وەاتانی جیهان ڕادەسپێرێت، بە سازکردنی ئاهەنگی سەرەکی و چالاکیی هەمەجۆڕی پەیوەست بەم ڕۆژە.

هەموو ساڵێکیش پەستەرێکی تایبەتی و دروشمێکی پەیوەند بەم ڕۆژەوە، لەلایەن ئەو دەوڵەتە میواندارەوە هەڵدەبژێرێت. ساڵی پار (٢٠٢٣) لە وەاتی (یۆنان) بەڕێوەچوو، لۆژێر

دروشمی"من کتێبم: بمخوێنەوە".
ئەمساڵ (٢٠٢٤) لایەن وەزارەتی (ژاپۆن) هەڵیگرت.
نووسەرەکی ناسراوی بواری ئەدەبیاتی منداڵان لە ژاپۆن، لەم رۆژەدا پەیامێک بەم بۆنەیەوە دەنووسێت و ئاراستەی هەموو منداڵانی جیهان دەکات. داوایان لێدەکات، کە ببن بە هاوڕێی هەمیشەی کتێب و هەگری خوێندنەوەببن. وێنەکێشەکی بەناوبانگی ژاپۆنیش لە بواری وێنەکێشانی کتێبی منداڵان، پێستەرێکی پەیوەندیدار بەم رۆژەوە دەکێشێت و دەبێتە لۆگۆی رۆژی جیهانی کتێبی منداڵان بۆ ساڵی (٢٠٢٤). گەڵێ چالاکیش لەم رۆژەدا ئەنجام دەدرێن، وەک: پشبڕکێی نووسین لە ژانرەکانی ئەدەبی منداڵان، کردنەوەی پێشانگای تابلۆی کێشراوی منداڵان، راگەیاندنی خەڵاتی کتێب، دیمانە لەگەڵ نووسەرانی منداڵان، پێشکێشکردنی کتێب بە منداڵان، چالاکیی رێشنبیری لایەن منداڵانەوە. وەرکشۆپ و کۆڕ و سیمینار دەربارەی کتێب و ئەدەبی منداڵان.
سەردانی بەشی منداڵان لە کتێبخانە گشتییەکاندا. خوێندنەوەی کتێبی چیرۆک بە دەنگەوە. باسکردنی ژیان و نووسینەکانی هانز ئەندرسەن و نووسەرانی تر،..هتد.
هەروەها لە زەربەی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و لە کتێبخانە گشتییەکاندا، یادی رۆژی جیهانی کتێب بەرز دادەگیرێت. چالاکیی رێشنبیری و ئەدەبی و خوێندنەوە رێکدەخرێن. کە مامۆستاکان و قوتابیەکان و چیرۆکخوانەکان بەشداریان تێدەکەن.
هەندێک لە کتێبفرۆشەکانیش لەم رۆژەدا، داشکاندن بە کتێبەکانی منداڵان دەکەن.
مێژوو و گرنگییەکانی رۆژی جیهانی کتێبی منداڵان چین؟
بیگومان زەربەی ئەو زانست و زانیارییانەی کە دەیانزانین، لە کێبەوە فێریان بووین و وەرمان گرتووە. کتێب گرنگترین هەڵگری رێشنبیری و زەرنگی و زەرزانیمانە.

(تۆماس جیفرسەن) دەڵێت:" من ناتوانم بێبە کتێب بژیم".
(هێنری میللەر) دەڵێت:"کتێب تەنیا هاوڕێ نییە بەڵکو هاوڕێشمان بە دروستدەکات".
(لینی هێنری) یش دەڵێت:"تۆ فێردەبیت.. چونکە تۆ کتێب دەخوێنیتەوە".

کتێب رەنگی گرنگ و گەورەی هەیە لە گۆشکردن و پەروەردکردن و

لە راهێنانی ئەقڵ و دەروون و لە زاخاودانی هۆش و بیر و هەستی منداڵان. ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان دەیەوێت، سوودەکانی خوێندنەوەی کتێب، بە بیری منداڵان بهێنێتەوە:
١ـ ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان، هاندانی منداڵانە بۆ زیاتر خوێندنەوە. ئەرکی دایکان و باوکان و مامۆستایانە، کە هانی منداڵان و قوتابیەکانیان بدەن، کە ببن بە هاوڕێ هەمیشەی کتێب و هەگری خوێندنەوە ببن و خووی پێوەبگرن، هەموو ڕۆژەکیان ڕۆژی کتێب بێت. خوێندنەوە ببێت بە کولتوور و بە پێویستیەکی ژیانی ڕۆژانەیان.

٢ـ هاوسۆزی و خەیاڵی خوێندنەوەی کتێب، منداڵان ڕووبەڕووی ئاسۆیەکی نوێ دەکاتەوە. خەیاڵ و کنجکاوی منداڵان دەروژێنێت و فراوانتر دەبن. هانیان دەدات و فێری بەها جوانەکانیان دەکات. بە شتی نوێ ئاشنایان دەکات. کاریگەریی ئەرێنی ئەدەبی لەسەر منداڵان گەشەدەکات. وەی منداڵان بەرزتر دەکاتەوە و باری دەروونیان باشتر دەکات. ئارەزووی گەڕان بە دوای جیهانی دەوروبەریان بکەن. فێری بیرکردنەوە و داهێنانیان دەکات. هەموو ئەمانە، کارامەیی بنەڕەتین کە ڕەگایان پەدەدات، گەشەبکەن و ببنە گەورەساڵانی هۆشیار و زیرەک و میهرەبان.
٣ـ خوێندنەوەی کتێب، یارمەتیی منداڵان دەدات بۆ بەرزکردنەوەی توانی وشەسازی، لە ڕەکەی خوێندنەوە، بۆی ئەو زاراوانەی کە منداڵان بەکاریان دەهێنن، زۆرتر دەبن.
٤ـ خوێندنەوە ڕاهێنانکی گرنگە، بۆ مەشک، زاخاوی بیر و هۆشیان دەدات. مەشک سەرقاڵ دەکات. رایدەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندییە دەماریەکانێ باشتر دروست بکات. بۆ تایبەتیش کتێبی وێنەیی ڕەنگاوڕەنگ، زیاتر گەشە بە مەشکی منداڵانی بچووک دەکات.
٥ـ ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان، هاندانی بەاوکردنەوەی کتێبی کوالیتی بەرزی منداڵانە، بۆ تایبەتیش لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو. پاپشتیکردنە لەو کەسانەی پەیوەندییان بە منداڵان و بە ئەدبیاتی منداڵانەوە هەیە.
٦ـ ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان، ڕۆژکی ئیلهامبەخش و هاندانی هۆشیاریە، بۆ خۆشەویستی خوێندنەوە و سەرنجاکێشان بە کتێبی منداڵان و بە ڕەگی بەرزی نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان.
٧ـ ڕۆژی جیهانی کتێبی منداڵان هاندانە بۆ لیکۆینەوە و تۆژینەوەی

زانستی پێویست، بۆ منداڵان و بۆ ئەدەبیاتی منداڵان. بۆ بانگەشەکردن بۆ کتێبێ نوێیەکانی منداڵان.
٨ـ لە زۆر لە قوتابخانەکانی وڵاتاندا، لە رۆژی جیهانی کتێبی منداڵان. هەندێک لە منداڵانی خوێندنرانی کتێبێ وێنەییەکانی منداڵان، شەوازی جلوبەرگی پاڵەوان یان کارەکتەرەکانی کتێبێ دڵخوازەکانیان لەبەردەکەن و وێنەیان پێوەدەگرن.
٩ـ لەکەینوەکان دەریانخستووە، خوێندنوە بۆ چێژوەرگرتن، گەورەترین نیشاندەری سەرکەوتنە لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوودا. بەداخەوە کە خوێندەواری نەخوێندەوارمان زۆرن. تەنها بە بوونی کتێبخانەیەک لە ماڵەکانتاندا نابن بە خوێندەری راستی. زۆری ژمارەی کتێب لە کتێبخانەکانتاندا، پێوەرنین بۆ ئاوەی خوێندەربیت، بەڵکو چۆنێد کتێبت خوێندتوە و سوودت لێوەرگرتوون، خووگرتن بە خوێندنوەوە پێوەرن.
(جۆزێف برودسکای) دەڵێت:"ئەو تاوانەی کە لە سوتاندنی کتێب مەترسیدارترە، نەخوێندنەوەیەتی".
١٠ـ کتێبی باش، بەوا و متمانەبەخەبوون و هیوا و گەشینی و ئازایەتی ئەدەبی
بە منداڵانی خوێنەر دەبەخشێت. دەبن بە کەسایەتیی هاوسەنگی سەرکەوتوو.
ئەوانە و چەندین سوودی تر، لە ئامانجەکانی رۆژی جیهانی کتێبی منداڵانە.
دایکان و باوکانی دڵقانی کورد، مامۆستایانی دڵسۆز و خەمخۆر. هەرچەندە کە کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان، رووبەرووی کەمەڵەک کێشە و نەهامەتی و نەبوونی و سەختی ژیان و گوزەران بووتەوە. بەڵام بە دەبێت منداڵە بەنازەکانمان باجی شکستیەکانی دەسەڵاتدارانی نابەڵەدی دەسەڵات قورخکردووی کوردستان بدەنەوە؟ لە چێژ و لە خۆشییەکانی ژیانی منداڵییان بەشبن؟ گوناه و تاوانی کێیە؟
ئایا زەربەی دایکان و باوکانی کوردستان، پارەی ئەوە لە گیرفانیاندا هەیە، کە لە رۆژی جیهانی کتێبی منداڵان، کتێب و گۆڤاری جوان بە منداڵەکانیان بکڕن و پێشکەشیان بکەن؟ ئەبابەی ئەم منداڵە بەنازانەمان، لە ئەستێی کێ دایە؟؟
رۆزا شوان
دوبەی: ٢٠٢٤

تەکەڵاو.. شیعری نەوزاد بەندی

کە دوکاندارەکە پێم ئەڵێ :
(مام حاجی) !
لە پێ تاسەک ئەمباتەوە و
دەم لە خەم دا ئەمێنێ ..
من هەشتا حەوت ساڵانم و
لەو ساوە چاوەڕێم باوکم
پاسکیلێکی دوو تایەم لە لای یوسفی عەبەکە ،
بە بەنزینەوە ..
بەڵێ
چاوەڕوانی پاسکیل ، ئەوێندە دوور و درێژ بێ ؟!
هەشتا لە ناوەندی کاوەم ،
چاوەڕێم سەیاحی فڕۆش ،
کارتی نمرەکان دابەش کا و
یەکی نیو دیناری بەینێ ..
لە هەورەبانەکە ، هەشتا ،
چاوەڕوانم
دوا دەپی
ئای چەندم خۆش ئەوکەی ناسێ ،
لە تەسجیلی مارکەی ناشناێ ،
بە تەسجیلی مارکەی سانکیو ،
لە کاستی ئەرجینایی
ماڵی خالیدی بازرگان ،
بە کاستێکی بەتاڵی ماڵی خەمان ،
بگوازرێتەوە ..قەیناکا گەر دەنگی ماسی فرۆش و بانگی عەسریش ،
تەکەڵی دەنگی ناسێ بێ ..
(نرخی کاستی ئەرجینا : یەک دینار و ..
نرخی کاستی بەتاڵیش : حەوت پەنجایی !)
ئاخر ئیتر مام حاجی چی ؟

⋆ ⋆ ⋆

تێ ،

ئەی پڕۆ خوراوەکە !
برنجە گەرم کراوەکە ..!
ئەی چا و قاوە هەزار جار کەپر کردووەکە ..!
هەمووی خەیاڵ بوون،
هەر هەمووی ..
ئەمیە و جولێت ..
شیرین و فەرهاد ..مەم و زین..
سوودی نییە ،
ئەگەر لەناو فڕۆکەیشا ،
یەک ببینین ..!
لەو سەری دنیایش دابەزین ،
سوودی نییە !

★ ★ ★

ئەوەندە چاودێری ووردی
خستبووە سەر کیژۆڵەکەی ،
ووتی : بابە !
واملێها تووە
شویش بکەم ،
مەردم لێم نزیک بێتەوە ،
تەلەفۆنت بۆ ئەکەم و
ئەقیژێنم :
خەرا..باوە ،
فریام کەوە ! ..
ساعدوني
HELP .. HELP

★ ★ ★

کێلایەتیی گەیشتە ئاستێ ،
بڕۆن موچە ڕەنگە بدرێ ،
ئەیکەن بەهەڵپڕۆکە و سەما ،
یا ڕەببی خوا بتانبڕێ !

★ ★ ★

کە تەنیا بووی ، بە تەنیا بووم ،
کە یەکمان دی ،

تەنیاتر بووی ، تەنیاتر بووم ..
ئەمجارە یەکتر جیبهێین ،
تەنیایی هەردووکمان ئەکوژێ !!

* * *

کاتێ بە ماڵ و منداڵەوە گەشت ئەکەی ، وەک ئەوە وایە هەشبایەک
خانەکەتانی لێگەڕێ
هەڵگرتبێ .. و
لە جێیەکی تر دابنابێ ..

* * *

ئەمە کە ئازاری هەموو گیاندار و
درەخت و بەگیانێک ئەدەین بەبێ هۆ ، ئامادەیشین ، کام دیکتاتۆر
خوێنیە
بێ و هەرچەنێک کە بیەوێ ، ئازارمان با ..

* * *
کەشکەکەت چەند گەورە و جوان بێ ،
چەند ژوورەکی تیایە ، تایبەت
بە میز کردن ! ..
عەترەکەت چەند شاهانە بێ ،
تازەکی تر خەت وون ئەکەی ،
ئەچی بە ژووری میزکردن ..!

* * *
زیاد لە ئادەی پێویست ،
ماڵەکانی خەتان پاک دەکەنەوە و ..
لە حەیوان خراپتریش ، شەقام و شوێنە گشتییەکان پیس دەکەنەوە ..
ئەمە لە دەروونزانیدا ، شیزۆفرینیایە و ..
لە ئایێندا پێی ئەوترێ : نیفاق ..

* * *

جاران نووسەرێک بمردایە ، دەستنووسەکانیان ساغ دەکردەوە
وپێشکییان بە ئەنووسی ، ئێستا هەشتا زیندوویت ، دەستنووسەکانت
ئەدزن .

* * *

ژیان تامی نوقوڵی ترش و شیرینی ئەبەخشی ،
کاتێ قارسی پانتۆڵەکانمان دادەدایەوە و
ئوتومان ئەکردن ..
چەند خاتەکی کاڵ و تاخی بەجێ دەهێشت ..
ئاخر باڵامان بەرز ئەبوو ..!

★ ★ ★

من ئەستایش ،
کە دەزووی کەلارێیەک ئەپچڕێ ،
چوار کەسان بە دوایدا ئەگەڕێم ..

★ ★ ★

ئەم کەمەگایە هی ئەوێیە
یەک ڕۆژی تەدا بژیت و
جێی بهێڵیت ..

★ ★ ★

سبەینێیش لای سەمونخانەی سان فرانسیسکۆ ..
یان لەبەردەم دەندرمەی فرۆشی ئیسپانیا ..
لە تەنیشت سەروپەخانەی بینس ئایرس ..
لە بەرامبەر کاش فرۆشی ئەستەمبوڵ ..
پشت سەرتاشخانەکەی پاریس ..
لای بایعیی لەندەنەوە ..!
گەر بتبینم ،
هاوکێشەکان هیچ ناگۆڕن ..
هەر وەک خۆیان ئەمێننەوە ..

★ ★ ★

لەکدانەوەی ووشەکان :
تا دوا دڵۆپ خوێن بە نیشتمان = تا دوا دڵۆپ نەوت بە گیرفان .